**بۆ تۆ کە لەسەر خوێندنی گەورەساڵانی**
**سەربەشارەوانی بۆ سویدی**
**بۆ بیانان**

# تاقیکردنەوەی نیشتمانی کۆتایی (SFI)

سڵاو!
تۆ بەتەمایت بەم زوانە تاقیکردنەوەی نەتەوەیی لە یەکێک لە تاقیکردنەوە کۆتاییەکانی خوێندنی زمانی سویدی بۆ گەورەساڵان بۆ بیانان (sfi) بکەیت. مەبەست لە تاقیکردنەوەکە ئەوەیە کە یارمەتی مامۆستاکە بدریت کە هەلسەنگاندن لەبارەی ئەوەوە بکات کە تۆ چەند باش لە بەشە هەنووکەییەکانی پێوەری نمرەی پالنی بابەتەکاندا سەرکەوتووبویت. تاقیکردنەوەکان ئەبیت کۆمەک بە هەلسەنگاندنی زانستیی خویندکارەکان هاوبەها بیت.

پالنی خوێندنی گەورەساڵنی سەر بە شارەوانی لە زمانی سوێدی بۆ بیانان دا ئەبێتە بناخەی تاقیکردنەوەکانی کۆرسەکان، هەم لە شێوەکاریی پرسیارەکان و هەم لە هەڵسەنگاندنی پرسیارەکاندا. ئەوە گرنگە کە هەمو خوێندکارێک دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە هەتا لە توانادابێت ئەوەندە زۆر لە زانستەکانی خۆی نیشان بدات. ناکرێت هەموو شتەکان لە تاقیکردنەوەی تایەبەتیدا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەنجامی تۆ لە تاقیکردنەوە نەتەوەییەکەدا بەشێکە لەو هەڵسەنگاندنە کۆکراوەیەی کە گەیاندەرە بە بڕوانامە لە کۆرسەکەدا. تاقیکرنەوە کۆتاییە نەتەوەییەکە بەشێکی گرنگە پێش بڕووانامە دانانەکە، بەڵام مامۆستاکە ئەبێت هەڵسەنگاندنی تەواوەتی زانستەکانی تۆ بکات.

**ئایا تاقیکردنەوەکانی زمانی سویدی بۆ بیانان (sfi) چۆنهاییە؟**
ناوەڕۆکی ناوەندی لە پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا لەبارەی ئەوەوەیە کە توانای خوێندنەوە و تێگەیشتنی تێکستەکان هەبێت، قسەکردن، تێگەیشتنی قسە و نووسین لەبارەی بابەتی جیاواز کە پەیوەستیی بە ژیانی ڕۆژانەوە و ژیانی کۆمەڵگا هەیە.

تاقیکردنەوەکە بۆ بەشگەلی لێکجیاواز دابەشکراوە
- ئەو بەشەی کە تێگەیشتن لە خوێندنەوە بەتاقیئەکاتەوە کراوە بە دوو بەستەوە. (ئەرکەکان) پرسیارەکان هەم لەسەر بناخەی تێکستی کورت و هەم دەقی درێژە.
- ئەو بەشەی کە تێگەیشتن لە بیستراو تاقی ئەکاتەوە لە بەستەیەک پێکهاتووە بۆ کۆرسی C و D، و دوو بەستە بۆ کۆرسی B. زانیارییەکان لەسەر بناخەی گوتوبێژەکان (هاوپەیڤینەکان)، قسەکردن یان دەنگ وباس.
- ئەو بەشەی کە کارزانیی نووسین تاقی ئەکاتەوە، کە لە ئەرکێکی نووسین پێکهاتووە بۆ کۆرسی B و C و دوو ئەرکی نووسین بۆ کۆرسی D.
- ئەو بەشی تاقیکردنەوەیەی کە کارزانیی بەدەمی تاقی ئەکاتەوە لە تاقیکردنەوەیەکی، لە ئەرکێکی تایەبەت بۆ کۆرسی B پێکهاتووە و لە ئەرکێکی تایەبەت و و جووتە ئەرکێک بۆ کۆرسی C و D پێکهاتووە.

تۆ زانیاریی لە مامۆستاکەتەوە لەسەر چۆنیتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکە و چۆنێنی هەڵسەنگاندنی وەرئەگریت کاتێک کە تاقیکردنەوەکە ئەکەیت. تاقیکردنەوەکە بەپێی پێوەرەیەکی بڕوانامەدانان لەسەر بنەمای سەرکەوتوو وناسەرکەوتوو.

## بەرپرس لە تاقیکردنەوەکە

دەزگای خوێندنگاکان لە هەموو تاقیکردنەوە نەتەوەییەکان بەرپرسە. تاقیکردنەکە دارێژراوە وئامادەکراوە لە پەیمانگای مۆدێل ومیتۆدەکانی وانەگوتنەوە لە زانکوی ستۆکهۆلم بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای خوێندنگا.

ئەرکەکانی (پرسیارەکانی) ناو تاقیکردنەوەکە لەلایەن زۆر خوێندنگا جیاوازەکاندا لە دەوروبەری واڵتدا بەتاقی کراوەتەوە. بەشدارییکەرانی ناو خوێندنەکە، مامۆستایان و توێژەرەوەکان بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی تاقیکردنەوەکانەوە خستۆتەپێش.

ئێمە هیوادارین کە تۆ پێتوابێت کە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان باشن و کە ئەوان دەرفەتت ئەدەنێ کە زانستەکانی خۆت لە بابەتە جیاوازەکاندا نیشان بدەیت.

## کەسانی پەیوەندییدار لە دەزگای خوێندنگاکان

nationellaprov@skolverket.se